پەرەسەندنی مێژوویی واتای ووشەو دەوری لە دەوڵەمەند کردنی زماندا

لێکسیکۆلۆگیا

Lexicologie

دکتۆرە : نەسرین فەخری

بە لێکۆڵینەوەی واتای ووشەکان و سەرچاوەی ئەو واتایانەو جیاوازییان لەو زمانەدا بە پێی کات و وچەرخ و ئەو نەتەوانەی قسەی پێدەکەن و مردنی هەندێکیان و دروست بوونی واتای نوێو هۆ جیاوازەکانی و ئەنجامی ئەو رووداوانە لە زمانداو ئەو یاسایانەی پەیرەوی دەکەن و لە سەری دەرۆن . . بە گشت ئەوانە لە زانستی زماندا دەگوترێت . . لێکسکۆلوگیا ـ Lexicologie : زانستی ووشە لە زماندا . . . کەواتە ئەم بەشە لقێکی سەربەخۆیە لە زانستەدا ئەمەش گرنگی ووشە دەردەخات، بۆیە ئێمەش پێویستە بەو چاوە سەیری بکەین و لە دەروازەیەوە بچینە ناو ئەم باسەوەو لێی بکۆڵینەوە .

کەرەسەی زمان ووشەیە ، بۆیە بۆ لە زمان گەیشتن پێویستە باش لە ووشە بگەین و بزانین کە زوربەی ووشەکان بەم جۆرە نەبووەو بەم شێوەیەش نەهاتوونەتە کایەوە ، بەڵکو هەر یەکە جەند پلەو قۆناغێکی بریوە تاگەیشتۆتە ئەمرۆی چ لە زیادبوون و فراوانیدا چ لە گۆرین و ئاڵوگۆر بەسەردا هاتن ، چونکە ووشە وەك گیانلەبەر لە بوون و زاوزێو پەرەسەندن و بلاوبوونەوە دایە جۆرەها ئاڵ و گۆر بەسەر رووالەت و ناوەرۆکیدا دێت هەر ووشەیە بەپێی پێویستی و بەپێی دەورو توانای بۆیە نابێت سەرپێی و بە رووتی سەیری رووالەتە دیارو واتا باوو ناسراوەکەی بکەین بەڵکو لەو مێژووەوە تێی بروانین کە بە لە دایك بوونی ووشەکە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەمرۆو تا توانام دەشکێت بەسەریدا لە بەسەرهاتی ووردبینەوەو پەیوەندیی دوورو نزیکی بە بنجی ئەو ووشەیەوە دەست نیشان بکەین . . . ، کەواتە لە هەر شوێنێکدا ئەو رووالەتەمان بەدی کرد بوەستین لە عاستی و وورد وورد لەگەڵیدا بەرەو ناوەوە برۆین تا ئەو قووڵبوونەوە دەمان گەیێنێتە سەر ئەو راستییەی هەوڵی ـ بۆ دەدەین ، نەك تەنیا ووردە جیاوازییەك وامان لێ بکات بە ووشەی لەیەك جیاواز دایان بنێین چونکە ووشە لقوپۆپی لە دەیەها رستەو ئیدیۆمدا بلاو دەکاتەوەو بە پێی ئەو بەکارهێنانە ، کەم یان زۆر لە یەکتری دوور دەکەونەوە تا لەو سنوورەش دەچنە دەرەوە بۆ کارکردنە سەر رێزمانیش ئەمیش بەدەوری خۆی کار دەکاتە سەر فراوانیی زمان و رێگە ـ خۆش کردن بۆ دەربرینی هەست و مەبەست بە گەلێك شێوەی دیارو نادیار . . .

بە کورتی زمان و ووشەی زمان ئاوێنەی راستەقینەی کۆمەڵ و مرۆڤن بە هەموو هەست و نەستێکیانەوە . . . بۆ ئەمە هەر خۆت سەرنجی ووشە بدە بە تەنیاو پاشان تێی وورد ببەوە لەپاڵ یەك و لە جۆرەها رستەداو مرۆڤی تێدا بخوێنەوە تا دەبێت بەو زنجیرەی پێی دەڵێن «زمان گرنگترین نیشانەی نەتەوەیە» . .

جا ئێمە ئەگەر بەو شێوەیە دوای هەندێك ووشە بکەوین دەبینی زۆربەیان فەرهەنگۆك بۆ خۆیان دروست

دەکەن تا دەگاتە سەربەخۆیی هەندێکیان کە سەرنج ڕاکێشەرانە ڕووی ئەودیوی پەرەسەندنی ووشەو واتاکانیەتی لە ناوخۆیاندا . . . بۆیە کاری زمانەوان پاش کۆکردنەوەی ووشەکان لە هەر ووشەیە بکۆڵێتەوەو ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەریدا هاتووە لە ڕواڵەت و لە واتادا بیخاتە ڕوو لەگەڵ هۆکانی و پلەی کۆنی و تازەییشی دەست ـ نیشان بکات لەو زمانەدا یان لە زمانە نزیکەکان لێیەوە گەر هەبوو ، ئەگەر هاتوو بێگانە بوو بزانێت چۆن و بۆ هاتە ئەو زمانەوەو بە چ دەستکارییەکەوە . . . یان ئەگەر هاتوو ئەو ووشەیە لە کارکەوتبوو بزانین بۆ لە کەیێکەوە ، بەمە هەر ووشەیە مێژ ووی خۆی تۆمار دەکات و لاپەرەی ژ یانی خۆی دەپارێزێت و هەر لەمەش فەرهەنگ دێتە کایەوەو بە هۆی فەرهەنگۆکی تایبەتیی هەر ووشەیە بۆخۆی . . .

هەر ئەم هەنگاونانە مێژ ووییە خۆی ڕامان دەکێشێت بۆ گەران بە دوای ووشەکانی زماندا لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە ، بەمەش دەزانین کامیان باووگشتیی وکامیان تایبەتییە بە چینێك یان کۆمەڵە کەسێك . . . چونکە گفتوگۆکەر بە هەر زمانێك بێت کە شتێکی تازەی دۆزییەوە ناچار دەبێت ناوی لێ بنێت واتە ، دەگەرێت بە دوای ئەو ناوەدا ، جا لێرەدا یان پەنا دەبەنە بەر گەنجینەی ئەو ووشانەی هەیە لەو زمانەدا ئەگەر گونجا ئەمەش دەبێتە هۆی واتا گۆڕینی ووشەکە یان بە هۆی گۆڕینی ئەو شتانەی هەن یان بە هۆی دەرکەوتنی شتی نوێ بۆیە لێکۆڵینەوەی هۆی گۆڕینی واتای ووشەکان زۆر پێویستە ، چونکە هەڵبژاردنی واتا بە شێوەیێکی ڕاست و دروست ئاسان نییە ، هەر وەها ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر دەنگەکاندا دێن سەرنجدان و وەستانێکی باشیان دەوێت چونکە هەنگاوێکی گرنگن لە پەرەسەندنی زمانداو لێکدانەوەیان بەپێی زانستی زمان دەستمان دەخاتە سەر ئەو یاسایانەی کە پەیرەوی دەکەن لەو زمانەدا .

جا ووشە هەیە چەند واتایێکی هەیە کە لەو واتایە بوونەتەوە بەمەش هاوواتاو دژ واتاو ووشەی خاوەن چەند واتا پەیدا دەبێت ئەمەش بێگومان بەرە بەرەو بەپێی پێویستی . جار هەیە ئەو ووشەیە دەگوێزرێتەوە سەر واتایێکی دوور کە هیچ پەیوەندیێك نەبێت لە نێوانیاندا واتە سەرەو ڕێز دەبێت و سەرسورمانێك پەیدا دەکات بەلام تیشکی زانستی زمان ڕووناکی دەخاتە سەر هەر کەلێنێك و لەسەرسورمان و پرسیاری بێ وەلام ڕزگارمان دەکات . .

بۆ درێژە نەدان بەم باسە بەتایبەتی ئەم پێشەکییە وا بە باش دەزانین کە لێرەدا بەمە بوەستین و هەنگاوی دووەم بنێین بەرەو ناوەرۆکی باسەکە بە نموونەوە بۆ ئەوەی ئەو نموونەو ناوەرۆکە خۆی خۆی ڕوون بکاتەوەو بمان گەیێنێت بەوەی دەمانەوێت پێی بگەین .

جا لێرەدا ووشەی (دەست)مان هەڵبژارد بۆ نموونە با دوای کەوین لە زمانەکە ماندا و بزانین چەندو چۆن بەکاردێت و چی دەگەیێنێت وچی لێ دروست کراوەو چ ئاڵوگۆڕێك بەسەر ڕواڵەت و ناوەرۆکیدا هاتووە تا بەوپێیە بگەیتە سەر دەوری ووشە لە زمانداو پەرەسەندنی مێژ وویی ئەو ووشەیەو هەر ووشەیەکی تر ئەگەر بەم جۆرە دوای بکەوین و لێکی بدەینەوە . . .

« دەست »

1 ـ دەست : ناوەو واتاکەی دیارەو ڕواڵەتیشی سادەیە .
بۆ نموونە : بە دەستی ڕاست دەنووسێت بەلام دەتوانێت بە دەستی چەپیشی بنووسێت ئەگەر ناچار بوو ، بەلام دروومان بە دەستی چەپ باشتر دەکات . .

دەست لە ووشەی دارێژ راودا

2 ـ دەستە : دەست + ە = دەستە
وەك = دەستەیەك قەڵەم ، دەستەجل لەیەکەمدا بە واتای کۆمەڵێك ، لە دووەمدا بە واتای قاتێك . . . بە واتای یەکەمی وەك کوردی لە عەرەبیشدا بەکاردێت ، واتە چۆتە زمانی خەڵکەوە .

3 ـ دەسك : دەست – (دەنگی ـ ت ـ کە قرتاوە ، یان قووت دراوە + ك ـ (ik) = دەسك : دەستی شت نەك گیانلەبەر ، بۆ نموونە : دەسکی دەسکەوانەکە دیار نییە . لێرەدا ـ بۆ جوداکردنەوەی دەستی گیانلەبەر ، لە دەستی شتی تر . . . چۆتە ئەم وێنەیەوە، هەر وەها لەبەر پەیوەندی نێوانی هەردوولا لەوەوە وەرگیراوە بۆ ئەم .

4 ـ **دەسکە** : دووبارە دەس نەك - دەست + کە = دەسکە لێرەدا بەواتای : چەپکە (باقە)، وەك : دەسکە گوڵێکم برد بۆ هاورێکەم . . واتای نوێ

5 ـ **دەزگا** : دەست - ت = دەس : س ـ ز = دەز + گا = دەزگا . . . گۆڕین لە رووالەتدا ، لەگەڵ واتای نوێ . . . ناوی شوێن . .

6 ـ **دەسرۆکە** : دەست - ت = دەس + ۆ + کە (پاشگرە) بەواتای نوێ ، بە ناوی پارچەجلێکی کودییە = دەسماڵ . . .

7 ـ **دەسکەوان** : دەسك + ە + وان (پاشگر) یکی ناوییە لە کوردیدا و بەگشتی واتای خاوەن دەگەیێنێت . . بگەڕێرەوە بۆ : دەسك ، دەسکە . . لەئاسن ودار دروست دەکرێت و بچووکەو ووردە شتی تێدا دەکوترێت

8 ـ **دەستوور** : دەست + وور (پاشگر) یکی ناوییە . . بە واتای . . یاسا ، . ژێم . . . ئەوەی پەیرەو دەکرێت لە کارو کردەی دەوڵەت و کۆمەڵدا . .

لە عەرەبیدا بەکاردێت . . بە واتای (رێ‌پێ‌دان)یش دێت ، زیاتر لە ناوخەڵکدا بە تایبەتی بۆ داوای لێ‌بوردن لە (جنۆکە)و ئەمەش کاری ئایینەو هەموو دەیزانین . . .

9 ـ **دەسرازە** : دەس ، دەسرازە ، دەسرازەی بێشکە، ئەو بەنە چنراوو رەنگاو رەنگەیە کە دەکرێت بە بێشکەوەو منداڵی پێ دەپێچرێتەوە . . .

لەگەڵ نموونەی تردا

دەست لە ووشەی لێکدراودا

1 ـ **دەسماڵ** : دەست - ت = دەس + ماڵ = دەسماڵ ، ناوی ئەو پارچە جلەیە سێ گۆشەیەو ئافرەتی کورد لەسەر جلەوە دەیدات لەسەر شانیدا . . . واتای نوێ . .

2 ـ **دەسر** : خۆی (دەستەسر)ە ، پێکهاتووە لە : دەست + (e,o) پیتی پێوەند + سر (رەگی چاوگ وفرمانی سڕین - تێپەڕ) . . .

بووە بە : دەسەسر ، پاشان بە (دەسر) ناوی ئەو پارچە قوماشە بچووك وچوارگۆشەیەیە کە سپی یان رەنگاو رەنگەو بۆ دەست سڕین بەکاردێت

3 ـ **دەزگیران** : دزگیران = دەست - س = دەس ـ ز = دەز + گیران (چاوك و فرمان) = چاوکی لێکدراو ، واتای نوێ واتە گۆڕانی رووالەت و ناوەرۆك ، هیچ پەیوەندێیکی بە ئەسڵی واتاکەوە نەماوە (پەیوەندێیکی ـ معنوی ـ یە)

4 ـ **دەسنووس** : دەس + نووس (رەگ - بۆ چاوك وفرمان)ی (نووسین) = دەسنووس : ناوی لێکدراو، بەو شتە دەگوترێت کە نووسراوە یان نووسراوەتەوە بە دەست ، واتە تۆمارنەکراوە ، دەسنووس = دەسخەت (مخطوط) چاپ نەکراو. .

5 ـ **دەستەمۆ** : دەستەمۆ - بۆ ئاژەڵێکی ماڵی کراوە ، پشیلەیەکی دەستە - مۆیە - ماڵییە - واتای نوێ‌و ناوی لێکدراوە . .

دەستە مۆکردن ـ ماڵی کردن ـ چاوکی لێکدراو .

6 ـ **دەسخەرۆ** : دەسخەرۆ فێڵباز دەسخەرۆکردن دەست برین ، فێڵ لێ کردن . . یەکەم ناوی لێکدراو دووەم چاوکی لێکدراوو واتای نوێ . . .

7 ـ **دەسنوێژ** : دەس + نوێژ = دەسنوێژ ناوی لێکدراوو واتای نوێ : ئامادەیی بۆ نوێژکردن . . . دەسنوێژ ی هەیە یان نییە . . (وضوء)

8 ـ **دەسنوێژ شتن** : چاوکی لێکدراوو واتای نوێ . . .

9 ـ **دەستە خوشك** : دەستە خوشك : ناوی لێکدراوەو واتاکەی نوێیە دەستە خوشك : هاورێی کچ . . .

کورد دەڵێت : (دەستە خوشکی) بە تەمای (دەستەبرا) لە جێگای خۆی ئەمێنێتەوە . . .

10 ـ **دەستار** : دەستار : لە (دەست هارین)ەوە هاتووە لە : دەست + هار (رەگی چاوگی وفرمان)ی هارین)و هار بووە - بە ار ـ (ar) بۆ ئاسانی ، دەستار . ناوەو بۆ ئەو شتەیە کە لە بەردە هەشە لە دارە ، دەغڵ ودان وساوەرو گەنم وشتی پێ دەهارن ، واتە هارین بە دەست.

11 ـ **دەستیار** : دەستار.

12 ـ **دەسکەوتن** : دەست + کەوتن = دەسکەوتن : چاوکی لێکدراوە بۆ نموونە : هیچم دەست نەکەوت.

دەسکەوت ناوی لێکدراوە ـ قازانج ، ئەم کارە دەستکەوتی باشە .

13 ـ **دەست قەدان** : هەوڵی ئیش کردن وان (هەوڵ دان) چاوکی لێکدراوو واتای نوێ . . .
14 ـ **دەست هەڵ دان** : دەست + پێشگـری (هـەڵ) + دان ، چاوکی لێکـدراوو واتـای نوێ ، یەعنی : دەست پێ‌کردن . . قۆڵ لێ هەڵمالینە
15 ـ **دەست پێ‌کردن** : هاومەبەستی : (دەست هەڵدان)ە
16 ـ **دەست گرتن** : چاوکی لێکـدراو ، واتـای نوێ : یارمەتیدان ، هاریکاریکردن .
17 ـ **دەست بەسـەر** : دەست + ئامـرازی (بە) + سەر = دەست بەسـەر ناوو ئاوەڵنـاوی لێکـدداوو واتای نوێ = لە ژێر چاودیری . بۆ کەسێك بە کاردێت کە شتێکی کردبێت بۆیـە میری لە چاوغافڵی ناکات . . . تا ماوەیێك تالیێ‌ی دڵنیا دەبێت .
18 ـ **دەستـەبـەرە** : واتە ئەو شتەی بەدەست دەبرێت یان بەدەست هەڵ دەگرێت
ئەمـە زیـاتـر کرێکـار بەکاری دەهێنێت لە کارکردندا ، بە دووکەسیش هەڵی دەگرن وەکو دارە مەیت کە دوو سەری هەیە (نقالّە) . . .
19 ـ **دەستکرد** : دەست + کرد (بناغەی چاوکی کردن) = دەستکرد : ناوی لێکدراو ، واتە دروست کراو .
20 ـ **ئاو دەست** : ناوی لێکدراو ، شوێنی دەست بە ئاو گەیاندن ، ناوی شوێنە . .
21 ـ **دەسمـایـە** : دەسکەوت ، ئەوەی هەیە بەدەستەوە ، یان لەبەر دەستدایە ، واتە : سەرمایە .
22 ـ **لە دەست دەرچوون** : چاوکی لێکدراو ، بووەش بە : لە دەس دەرچوون : واتا لە کیس چوون ، زایەکردن ، بەسەر چوون تێپەر بوون .
لە دەستم چوو بە خوا هەرگیز نایێتەوە
لەگەڵ گەلێك نموونەی تردا

دەست لە « جووتە ووشە »دا

1 ـ **دەستە دەستە** : واتە کۆمەڵ کۆمەڵ یەك لە دوای یەك
2 ـ **دەست وبـرد** : وایـە یەکسـەر (حالاً) ، وەری گرت و گەیـانـدی ، بەم دەست وەری گرت بەویـان گەیـاندی ، دوای نەخست ،
3 ـ **دەم ودەست** : واتـە دەست وبـرد ، هاومـەبـەستی یەکترین ، یەکسەر دەم لێرەدا مەبەستی کاتە ، وەختە واتە لەهەمان کاتدا جێ‌بەجێی کرد ، گەیاندی . .
4 ـ **دەستاو دەست** : دەست و دەست ، دەگە یێنێت وەك دوو نمـوونـەکـەی سەرەوە واتـە «دەست و برد» و «دەم و دەست» بە یاریـدەی پیتی پێـوەنـدی (وَ) هەمـان ووشە کە دووبارە بۆتەوە پێکەوە بەستراون .
ئەمەش بە شتێك دەگوترێت کە بە دەست چەند کەسێکدا تێپـەڕێت ، دەڵێن : دەستـاو دەست کراوە ، واتـە دەستی چەنـد کەسێکی دیـوە ، هەروەهـا «دەستـاو دەست» بەو شتـەش دەگـوتـرێت کە خۆت وەری بگـریت و خۆت بیگـەیینیت واتـە ئەو دەستـەی شتـەکەی وەرگرت هەر ئەو گەیاندی
5 ـ **دەست وبازوو** : واتە دەست و مەچەك ، قۆڵ . .
6 ـ **دەست وپـل** : یان دەس وپـل بەلادانی دەنگی (ت) واتـە دەست و پەلی دەست بۆ نمـوونە دەست وپلت باش بشۆ پێش نان خواردن .
7 ـ **دەستـەو دایـەرە** : دەستـە ، دە ستـە دەستە ، دەستەو دایەرە . . . ئەمە تەنیا بۆ سەرنجدانی ووشەی «دەستە» کە لە هەر ـ سێکـدا کۆمـەڵ دەگـەیینێت بەلام هەر یەکەس بۆ مەبـەستی تایبـەتی‌و لە شوێنی خوێـدا بەکـاردێت . . .
دەستـەو دایـەرە = دامو دەزگا ؛ هەروەها «ماڵ وحاڵ»یش دەگـرێتـەوە ، بۆ نموونە خوایە ئەم دەستەو دایەرەیە ئاوەدان کەیت ، واتە ئەم ماڵ وحاڵە . . .
8 ـ **دەستەو دامان** : ـ بەواتای «دەخالەت» ، پەنا بردنە بەر کەسێـك کاتی تووش بوونی کارەسـاتێـك ، یان کەوتە ناو تەنـگ و وچـەڵـەمـەیێکـەوەو کەس نەبێت لەو کاتـەدا بەدەنگیـدا بگـات یان بتـوانێت یارمەتیی بدات ئەو کەسە نەبێت کە پەنـای بردۆتـە بەر ، جا ئەگـەر هاتـوو ئەو کەسە شتێکی هەبێت بەرانبەری پێی دەڵێت : دەستم ـ دامێنت من کردم تۆ نەیکەیت .

9 ـ **دەست وسـان** : يان دەس وسـان ، بۆ كەسێكـە بێ دەسـەلآت و كەم توانـا ، واتـە بەو كەسـە دەگـوترێت كە هەميشە بە ئامادەيى لەبەر كەسێك بوەستێت بۆ ئەوەى هەر ئەمرێكى كرد ئەم گورج بۆى جێبەجێ بكات ، واتە هەر دەم بەسەر كزييەوە وەستاوى بەر دەرگاى بێت . . .

10 ـ **دەست و پێوەنـد** : دەس و پێـوەنـد ـ لێرەدا ديارە كە مەبـەست ئەوانــەن كە بەردەسن ، ئيشكـەر و كارەكـەر و خزمـەتكارى زەمانى جاران دەگەيێنێت . . . ئەوانەى كە بە خيـزانێـك يان كەسێكى دەسـەلآتـدارن ، بەسـتراون بەوانـەوە وەك ئاغـا و خزمـەتكار ، دەرەبەگ و ئەوانەى وان لەژێر دەستيدا . .

11 ـ **دامـو دەزگـا** : ـ دەزگا ـ واتە ـ دەستگا ـ بە ئەسڵ بە تەنيـا دايـەرە دەگـرێتـەوە ، «دامـو دەزگـا»ش بۆ هەمـان مەبەستە . . .

لەگـەڵ گەلێـك نمـوونـەى تردا كە دەورى دەست و ئەو واتايانە دەردەخات كە هەر يەكە يان جودا ـ دەبێتەوە ، يان هاومـەبـەست دروست دەكـەن هەر يەكە بەپێى پێويستى و توانـاى لە زمـانـدا . . . جا تا زۆر بەكاربێت و بە جۆرەها شێـوە بەكـاربێت ديـارە دەورى فراوانتـرەو بۆشايى زياتر پڕ دەكاتەوە لەو زمانەداو بە هێزو بە توانايە . .

با بێينـەسـەر لايـەنێكى ترى بەكـارهێنـانى (دەست) ئەويش لە :ـ

ئيديۆم و زاراوەكاندا

«دەست» هەروەهــا دەورى تايبــەتيى خۆى هەيـە لە دروست ـ كردنى زاراوەو ئيـديـۆمـدا جا لە وێنەى ووشەى لێكدراودا بێت يان لە وێنەى رستەدا .

لێرەدا يەكەم دەست دەكەين بە وێنەكانى لە ووشەى لێكدراودا . .

1 ـ **دەست پاك** : ئاوەڵفاوێكى لێكدراوە ، بەڵكو ئيديۆمە بە واتـاى (ئـەمين) دژ ى «دز»و دەست پيس بۆ نمـوونـە : دەس و دەرونى پاكـە . . . واتـە بێگەردە هيچ گومانێكى لێ ناكرێت لێى دڵنيابە . . .

2 ـ **دەسـت پيس** : ـ يان ـ دەس پيس ـ دژ ى «دەسـت پاك»ە واتـە چاو غافـل كەيت دەست دەبات بۆ هەر ووردە شتێك بەرچنگى بكەويت . .

3 ـ **دەست درێـژ** : دوو واتـاى هەيـە يەكـەميـان (دەست پيس)ى دەگـرێتـەوە واتـە بۆى هەڵكەوێت دەست بۆ هەر شتێك درێژ دەكات . واتە حەز بە دزى دەكات . .

واتـاى دووەم : بەيـەكێـك دەگـوترێت كە ماڵدار و بە دەسـەلآت ، خاوەن پارە بە پارە دەستى دەگـاتـە ئەوەى دەيەوێت . ، واتە بە دەسەلآتە

4 ـ **دەسـت كورت** : بە پێـچـەوانـەى واتــاى دووەمى «دەســت درێـژە» دەســت كورت بە فەقـيـر و هەژار و بێ دەسەلآت دەگوترێن ، واتە لەبەر بێ پارەيى و كۆڵەوارى خۆى دەستى ناگـاتە هيچ شتێك ، واتە لوقمە نانەكەى بە كولـە مەرگى چنگ دەكـەوێت ، كورد دەڵێت . «لـە سەر ساجى دانيشتووە» .

5 ـ **بە دەسـەلآن** : بە دەستـەلآت يەعنى دەستى دەروات بروانە دەست درێژ .

6 ـ **بێ دەسەلآت** : بێ دەستەلآت : واتە دەست كورت بروانە ئيديۆمى ناوبراو.

7 ـ **دەستـەرۆ** : يان ـ دەسـرۆ . . دەست + (رۆ) رەگى فرمــانى «رويشتن و رۆيى»ە واتـە دەستى دەروات ئەمـە هاوەمەبەستى : بە دەسەلآت و «دەست درێژە» سەيريانكە لە سەرەوە .

8 ـ **دەسـت بر** : دەسـت + بر (رەگى فرمـان و چاوكى ـ برين» ئەمـەش بە كەسێـك دەگـوترێت كە «فێڵبـاز» بێت گاڵتە بە خەڵك بكات . . تا دەگات بە مەرامى خۆى پارە دەكێشێتەوە لەو كەسە ، بەڵێنى دروى پێدەدا . . . پاشان دەردەكـەوێت كە «دەستى ئەو كەسـەى بريـوە بە جۆرێك خۆشى دەستى نەگات بەوەى كە ئەوبەتەماى كردبوو . . .

9 ـ **دەست بلاو** : واتە دەست بە ماڵى خۆيەوە ناگرێت ، نرخى پارەو پوولى خۆى نازانێت و بيـر لە دوا رۆژ ناكاتەوە لەبەر هەر هۆيێك بێت : بێ ماندوويى دەستى كەوتووە ، يان خۆى دەنوێنێت، يان كورت بينەو نازانيت كە «پوولى سپى بۆ رۆژى رەشە» . . .

10 ـ **دەست باد** : واتە «دەست بەد» دەسى بێ كەڵكە پارەو پوولـى تێـدا ناوەستێت، لەم لآتيى كـەيت لەولا

نامێنێت ، واتــە «دەست بلاو»ە دەست بە ماڵی خۆیــەوە ناگرێت ، بڕوانە ئیدیۆمی پێشوو . . .

11 ـ **ژێر دەستە** : دەست وپێوەند ، مەحکوومی کەسێك بوون لەبەر هەر هۆیێك بێت .

12 ـ **دەست سپی** : دەست سپی ـ واتـە چاوبـەستراوە ، بێ دەسەڵاتە هیچی لە دەست نایێت ، چاوی نەکراوەتەوە .

13 ـ **دەست ڕەش** : ئەمــەش بۆ کەسێکــە کە کارێـك بکـات بۆ کەسێك سوودی لێوەرناگرێت ، واتە کارەکەی لە جێگـەی سوود زیـان دەگەیێنێت بەوکەسە . . ئەمەش وەك دەڵـێـن : بەختـی ڕەشــەوخۆیوبەختی خۆی . . دەست سپی لە ڕوواڵەتدا دژ واتای ـ دەست ڕەشە بەڵام لە ناوەرۆکدا واتە لەڕووی واتاوە هەر یەکە شتێکە .

14 ـ **دەســت ڕەنـگـیـن** : دەسـت ڕەنـگین ، بە تەواوی دژ واتای «دەست سپی» بە ئەمەش بە کەسێك دەگوترێت کە شارەزابـێـت ، سەری لە شت دەرچـێـت و دەســت و سنعەتی جوان بێت . . لەمەدا ئافرەت دەگرێتەوە . . .

15 ـ **سەردەســتــە** : سەر + دەســت ، ئەمــەش : شتی نایابی هەڵبژاردە دەگرێتەوە . . .

16 ـ **دەسەڵاتدار** : دەسەڵاتدار ـ (دار) لێرەدا پاشگرێکی ناوییە بە واتای «خاوەن» یان «بە» واتە بە دەسەڵات خاوەن دەسەڵات ، ئەو کەسەی دەستی دەڕوات .

17 ـ **دەستـەپـاچـە** : دەستە پاچە یان ـ دەسەپاچە ـ پاچە لێـرەدا لە «پێـچـان»ەوە هاتووە ، واتە : دەست بەسراو بەو کەســە دەگــوتــرێت کە «بێدەســەڵات» بێت و هیچی لەدەست نەبێت ، دژی «دەســەڵاتـدار»ە کورد دەڵێت : دەســەپـاچـە دانیشتووە . لەگەڵ ئیدیۆمی تردا . . کە وەك ئەمانەی سەرەوە لە وێنەی ووشەی لێکدراودان . . .

18 ـ **دەستەو ئەژنۆ** : دەستەو ئەژنۆ دانیشتووە

بەشی دووەم لە ئیدیۆمانە» لە وێنەی ڕستەدان

بۆ نموونە :ـ

١ ـ **بە دەستی** : خەڵك مار ئەگرێ : ئەم ئیدیۆم «زاراوە»یە بۆ کەسێـك بەکـاردێت کە کاری خۆی بە دەستی خەڵـك جێ بـەجێ بکـات لێـرەشدا نەك لەبەر ئەوەی بە دەسەڵاتە بەوان ئیشی خۆی دەبـاتـە سەر بەڵکـو لێـرەدا زەرەر و زیان بەخشــە ، بۆ ئەوەی ئەگــەر کارەکــە نەچووە سەر ئەوان تووشی بن و مارەکــە کە لێرەدا تووش . . هاتنـەکـەیـە ـ بەوانـەوە بدات و خۆشی وا لێی بێتـە دەرەوە وەك «نـەبـای دیبێ و نە باران» .

2 ـ **دەستی** : (دەسی) لێ وەشێنراوە ـ ئەم ئیدیومەش کە وتـوتـە ژێـر کاری ئایینەوەو هەمووش دەزانین هەندێك حاڵــەت کە تووشی مرۆڤ دێت ئەنجــامی دواکــەوتنی کۆمــەڵ کە بەتــایبــەتی ئافـرەت دووچـارە دەبـوو ، وەك ماتەمینی ، ڕەنگ هەڵبرزکان و نەخەوتن و نەخەواردن و یا «تــەقینـەوە»و لە هۆش چوون ـ بۆشاردنـەوەی یان بایـەخ نەدان بە هەستی مرۆڤـایـەتی ، بەوە لێکـدەدرایەوە کە ئەو کەســە ـ شەیتـان و جنـۆکـە وەلێیـان داوە . وەیـان بەســەر شتێکدا کە نییە تا تاوانباری ڕاستەقینە بەرەڵلاو سەربەست بێت . . کەواتە «دەسی لێ وەشێزاوە» یەعنی : شێت بووە یان بەرەو شێتی دەڕوات . .

3 ـ **دەســت بۆ ئاڵـتــون بەرێـت دەبێت بە خۆڵ** : واتــە «بێ بـەختـە» بەختی ڕەشــە ، ئەمــە هاوەبەستی ئیدیومی «بچێتــە سەر سیــروان ووشکی ئەکــات»ە . . . ئەمــەو گەلێـك لە نمـوونەکانی تریش لە زمانی عەرەبیدا هەیەوبۆ هەمان مەبەست بەکاردێن . .

4 ـ **سەرت ئەتــاشێو ئاوێنــەشت ئەداتــە دەست** : واتــە کەتـنــەکــە پێ دەکــات وپێشت رادەبــوێـــرێت ، یان کەتنـەکـەت پێ دەکات ودەشیدا بە سەرتا ، واتە جامبازو بەلاییکـە بۆخۆیو هارو هاجێکـە نەبێتــەوە . . . لە هیـچ جۆرێك دەرەقەتی نایێیت . .

5 ـ **دەست بە دەمی سەگا ئەگا** : ئەمەش دیارە بۆکەسێکی هارو هاجـە ، ئەگەر وانەبێت چۆن لە هارو هاجێکی وەك سەگ نەتـرسێت کە دەزانین چ ئاژەلێکی درنــدەیـە گەر پەلاماری کەسێکیدا لە کۆڵی نابێتەوە . جا وەرە ئەم کەسە ئەو سەگە بورووژێنێت و خۆی لە خۆی هاری بکات .

6 ـ **دەستی نەمــەیـوە** : مەیین ـ دیـارە بۆشتی شل ، کە تونــد دەبێتــەوە لە سەرمـانـدا ـ ئاو دەبێت بە بەفـر یان بۆ دەست و پێ کە لە سەرمـانـدا لە کار دەکەوێت یان شیر کە

دەكرێت لە ماست . . . جا لێرەدا بە یەكێك دەگوترێت كە دەستی شل بێت لە كاردا ، هەڵەیە لە كاركردندا هۆشی لای كارەكەی نییە هەر شت بەردەبێتەوە لە دەستی جا دەشكێت، دەرژێت . . واتە وەك دەستی تەزی ـ بێت وایە ، بەم كەسە دەڵێن دەستی نەمەییوە واتە توندو تۆڵ نیە .

٧ ـ **دەستی گۆ ناكات** : واتە ئیش ناكات ، پەنجەكانی دەستی نایێتەوە یەك ، جا بەهۆی نەخۆشییەوە بێت ، یان لە سەرماندا ، یان رووداوێكی وەختیە .

8 ـ **دەستی ئەوی تێدایە** : واتە وەك كوردەكە دەڵێت : پەندی ئەوە دەسیسەی ئەوی تێدایە ، كەتێی ئەوە ئەمەش بۆ كەسێك بەكاردێت كە كەسێك تووشی سەرێشەو كارەسات بكات و هەر وەك ئاگای لە هیچ نەبێت وایە واتە كاری خۆی لەژێرەوە دەكات .

9 ـ **دەست بەستەیە** : واتە گیرۆدەیە ، گرفتارە ، ناتوانێت هیچ بكات هەر هۆیێك بێت یان بەهۆی كەسێكەوە كە ناچاری بووە .

10 ـ **دەست نیشانی كردووە** : دەست نیشان كردن ئەمەش بۆ كەسێكە كە شتێكی دیاری كردبێت و چاوی تێ بریبێت و ئاراستەی كردبێت و خۆی بۆ ئامادە كردبێت . . واتە دایناوە، خستوویەتە بەر چاوی . . .

11 ـ **دەست لە بەروكی ناكاتەوە** : دەشگوترێت : دەست لە یەخەی بەرنادات ـ یان ناكاتەوە ئەمە لە عەرەبیشدا بە هەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست بەكاردێت . . . بەرۆك ـ واتە ـ یەخە ـ نەوەی لە مل دەئاڵێت . «بەرۆك»یش پێشی مل و سەرەوەی سنگ دەگرێتەوە، هەمووش دەزانین كە دووكەس پەلاماری یەك دەدەن ئەو شوێنە دەگرن بەڵام لێرەدا مەبەستی كەسێكە كە تێی ئاڵاوەو تەنگی پێ هەڵچینەوەو نەفەسی لێ بریوەو لێی نابێتەوە واتە وازی لێ ناهێنێت . .

12 ـ **دەستەو ئەژنۆ دانیشتووە** : واتە دەستە پاچە بوی دانیشتووە نازانێت چی بكات ئەمەش بۆ كەسێك بەكاردێت كە ئەنجامی تەنگ و چەڵەمەیێك كە تووشی دێت لە بەر پەستی و نائومێدی، پشتی سارد دەبێتەوەو لە پەلوپۆ دەكەوێت و رەشبینی دایدەگرێت هەروەك سالم دەڵێت كە توركەكان سلێمانیان داگیركرد . . گەرێن با گۆشەگیریم بم ، دەستەو ئەژنۆ كەف زەنان .

گێژە لۆكەی بای نەدامەت تاری كرد سەفحەی جیهان

13 ـ **دەستی لێ شتووە** : یان (دەسی) ـ ئومێدی لێ بریوە ، هیوای پێ نەماوە ، جا لە منداڵ بێت ، یان كەسێكی كە ئومێدت پێی هەبووە یان كارێك . . .

14 ـ **دەست و قەڵەمی هەیە** : واتە . خوێندەوارە .

15 ـ **ڕێ دەست نادات** : بەكەڵكی نایێت ـ سەرنجی هەر یەكە بدەو ئەبینین چ واتایێك چەندەها واتای نوێ دروست دەكەن . .

16 ـ **دەستی خستە سەر شتەكە** : واتە ـ دۆزییەوە . . . واتە ئەو شتەی كە گێژی كردبوو ، خستبوویە مەراقەوە .

17 ـ **دەست نادات** : واتە بە كەڵك نایێت ، بێ سوودە

18 ـ **دەستی بۆ هەڵدەهێنێتەوە** : بۆمنداڵ لە رووی دایك و باوكدا ، یان بچووكێك لە رووی گەورەدا بوەستێت، چەنە بازیی لەگەڵدا بكات و پەلاماری بدات و دەستی لێ بەرز بكاتەوە . . ئەمەش نارەواو جێی نەفرەت و نەعلەتە . .

19 ـ **دەست لێ بەردان** : دەستی لێ بەرداوە ، واتە وازی لێ هێناوە بە پێچەوانەی دەستی لەبەرۆك ناكاتەوە یان وازی لێ ناهێنێت . . . ، دەستی لێ هەڵگرتووە

20 ـ **بە پیری دەست بە هەویری** : ئەمەش بۆ كەسێك بەكاردێت كە لە تەمەنێكدا، واتە پیرە كەچی وەك گەنجێك و هەرزەكارێك دەجوولێتەوە ئەمەش نابێت ، چونكە هەر تەمەنەو رەوشتی خۆی هەیە ، كورد بەمانە دەڵێت : دڵ تەرن ، دڵیان بەخۆیانەوەیە . .

21 ـ **دەسی گۆج بووە** : یان (گۆج بووە) دیارە دەستی گۆج وەك دەستی ساغ نییە ، یان كاری پێ ناكرێت ، یان بەزەحمەت ، لەوانەشە لەبەر لەكاركەوتنی ئەو دەستە شت برژێنێت و بیژێنێت و بشكێنێت ، جا ئەمە بە تەوسەوە بە كەسێك دەگوترێت ئەمە كارو كردەوەی بێت . . . واتە هاومەبەستی «دەستی نەمەییوە»یە

22 ـ **دەست بە سەرە** : بروانە ـ دەست بەسەر ـ پێچەوانە

سەربەست ئەم رستەو ئەویان ووشەیێکی لێکدراوە «فرێزە».
23 ـ **هیچی لەدەست نایێت** : ئەمە هاومەبەستی «دەست پاك»و «بێ دەستەلاتە» واتە هیچی پێ ناکرێت و بۆ هیچ کارێك بە کەڵك نییەو نایێت.
24 ـ **دەسی لێ هەڵگرتووە** : بروانە : دەست لێ بەردان واتە وازی لێ هێناوە . . .
25 ـ **دەستی لە هەمانە دەرچووە** : واتە : هیچی بۆ نەماوەتەوە، کار لە کار ترازاوە . .
26 ـ **هەر دەستی ئەگەزێ** : پەشیمانە .
27 ـ **دەسی بە سەرکێشاوە** : ئەمە بە واتای ـ داگیری کردووە ، ئەمەش کاری خاوەن دەسەلاتە . . .
28 ـ **دەسی بەسەرا گرتووە** : براوانە ئیدیومی سەرەوە . . . (دەسی بەسەرا کێشاوە) هەردووکیان هاومەبەستن
29 ـ **دەس نەبا بە دەسا** : (دەست دەدات بە دەستدا) ئەمە بۆ کەسێك بەکاردێت کە تێداچووبێت ، واتە بەڵگەی پەشیمانییە واتە پەشیمانە لەوەی کردی و لەوەی سەریداهات . .
30 ـ **ئاوبێنەو دەست بشۆ** : ئەمەش کەسێك بەکاری دێنێت کە هیچی پێ نەبرابێت ، باش ماندووبوون و رەنج دان . . . کوردەکە دەڵێت : عاساتی وعاباتی برۆ بەخێر هاتی
31 ـ **دەسی پێ کردوە** : واتە شتەکەی تازەکردەوە ، لەوانەشە «ئاگری کۆن بە پاکات» ئەمەش مرۆڤی ژیر سڵی لێ دەکاتەوە . .
32 ـ **شەیتان دەسی لێ شتووە** : واتە وازی لێ بێنە ، ئەمەش بەتایبەتی بە کەسێك دەگوترێت کە باسی مردوویەك بکات بە خراپە، مردوو تەواو لە هیچی پێ دەکرێت و نەهیچت پێ دەکرێت بەرانبەری ـ تەواو بوو ـ ئەوی رۆی رۆی . . .
33 ـ **خەریکە دەسە چەورەکەی بەسەر منا بسوێ** : ئەمە هاومەبەستی «بۆ دارەکە لەسەری منا بشکێ» کەسێك دەیڵێت کە هەست دەکات : ئەوەی کراوە دیارە باش نییەو ئەو کەسە دەیەوێت خۆی رزگاربکات و بیدا بەسەر ئەمدا.

دەشگوترێت : دیزە رەشەکەی دووکەڵ لەبن ، دەسە چەورەکەی خۆت ئەسووی لەمن؟
واتە ئەو کەسە لەبەد کاریدا «رەشە» و «دووکەلاوی» بە ـ بەلام منیش ئاگاداری ئەوەم
34 ـ **پەریشانە بە دەستییەوە** : واتە : گرفتارە. تووش بووە، یان بۆ کەسێکی خراپە ، یان بۆ نەخۆشێکی یەدخووەو بیانوو
35 ـ **بە دەستی ئەنقەست** : نەك ئەنجامی نەزانین ، ئەمەش بۆ کەسێکە : زیان بگەیێنێت بە کەسێك ، دەگوترێت «بە دەستی ئەنقەست وای‌کرد ، یان وای لێکرد ، ووشەی «ئەنقەست» ـ عن مقصد ـی عەرەبییە
36 ـ **دەست گیری بوو** : دەست گیر بوون ـ واتە ـ دەستی کەوت ، دەست کەوتن . . دۆزییەوە، بە چنگی کەوت
37 ـ **دار دەستەیانە** : یان دار دەست ، واتە داری دەستە ، وەك داری دەست وایە ، ئەمەش بەو کەسە دەگوترێت کە کەسێك بە هەوەسی خۆی هەڵیسوورێنێت و ئەوەی بیەوێت بەوی ـ بکات و بیباتە سەر .
ئەمەو لەگەڵ گەلێك نموونەی تردا . . .

ئێستە دێینە سەر ووشەی «دەست» لە پەندی پێشیناندا :

1 ـ ئەگەر سەر نەیێشێت (دەسرۆکی) نائاخێتێ (واتە تێ ناپێچێت). واتە شت بێ هۆنابێت ، واتە بزانە ئەوهۆیە چییە بیدۆزەوە، گەر دۆزیتەوە چارەسەر دەکرێت ، دەست بخەرە سەر دەردەکەو دەست نیشانی بکە تا بزانیت دەرمانی چییە ، دەرمانی بکەیت. واتە ئەم کارە لە جێگەی هەڵچوون و هەڵەشەیی ژیرو هیچی گەرەکە .
2 ـ سەرێك بە دەستی خۆت نەیخورێ خورووی ناشکێ واتە خۆت دەبێت مشووری کاری خۆت بخۆیت ، ئەگینا کەس بەتەنگتەوە نایێت . . هەمان «پەند لە عەرەبیدا هەیە»
3 ـ ئاو بە دەستی خۆت نەخۆیتەوە تامی نییە : واتە خۆت کاری خۆت بکە تا نرخی خۆت بزانیت، چونکە ئەگەر بە

خەڵــك كارت بەریتــە سەر نە نرخی دەزانیت و نەتـامی چونکــە نازانیت چۆن کرا ، هەر ئەوەنـــدە دەزانیت کە ، (حــازر خۆری بەر سیــبــەریــت) بەر گەرمــیو گری نەکــەوتـوویت ، ئارەق لە پێنــاویـدا نەرشتووە ، وە ئەوەی نرخی شتێـك نەزانێت هەر وەك چنگی کەوت بەئــاسـانی هەر بە ئاسانییەش لە ناوی دەبات ، .

4 ـ چاو لە دەسـت بێـت دەسـت بەسـتــەیت : لەمــەدا دەردەکــەوێت کە کورد چەنـد حەزی لە مرۆڤی بێ ئیش و کار نەکـردووەو هەر بەم و بەوو لەســەر حیسێبی ئەم یان ئەو ژیاوە . . واتە چاوت لە دەستی کەس نەبێت لەهی خۆت زیـاتـر ، ئەو دەستەی پێی دەخوێت با ئەوەی دەشیخوێت بەو دەستە دەستت کەوتبێت .

5 ـ دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە : واتە کاربکە چونکە ئەوەی کاردەکـات و مانـدوو دەبێت هەمیشە تێرەو موحتاج نییەو لە برسێتی ناترسێت .

دەشگـوتـرێت : دەستی تێـر لەســەر زگی برسییــە ، واتە دەست کە تێر بوو برسێتی زگ بێ دەنگ دەکات .

6 ـ سوارو پیادە ئەگەر حەز بکەن دەست و مۆس دەکەن : واتــە دوو کەسی لەیــەك زویـر ئەگــەر بیـانــەوێت دەتوانن ئاشت ـ ببنــەوەو لەیــەك ببــورن . . . ئەمــە (ئیـدیۆم)یشە . . . بروانــە کورد چەنـد لە شەروزویری سڵی کردۆتەوەو چەند حەزی بە ئاشتیو ئاسایش کردووە

7 ـ سەرچۆپی بدە دەست سەگ بۆ لای خوانچەی رائەکێشی :

واتە خۆپەرست هەر خۆی لە بیرە ، بێ سفەت هەر بیر لە خۆی دەکاتەوە ، واتە بروای پێ مەکە . .

8 ـ ئەوەی بە پەیــژەدا سەرکــەوێـت دەبــێـت لە خوارەوە دەست ـ پێ بکات . .

واتــە : سەرکــەوتـن بە بازدان نابـێـت ، هەوڵ و تەقـەلاو کۆششی دەوێت هەنگـاو بە هەنگاو پلە بە پلە . . واتـە ڕێگـەی گەیشتی بە مەرام بەو جۆرە ڕاست و ئاسـان نییە . .

9 ـ فێری ڕۆیشتن ببە ئنجا دەست بکە بەراوکردن : (دەست کردن) ئەمــە دەتـوانین بە هاومــەبـەستی پەنـدی ژمــارە هەشت دانێین . . واتـــە دووبــارە دەبێت مرۆڤ هەنگـاو هەنگـاو بچێتــە پێشــەوە واتە هەڵە مەبە تا تووشی پەشیمانی نەبێت .

10 ـ شین و شایی دەستە وایی :

واتــە خۆشی بە نۆبــەت ، ئەمەیە ژیارن هەمیشە بۆکەس ناچێتە سەر هەر بە خۆشی ، واتە دەبێت مرۆڤ چاوەروانی هەمــوو شتێك بێت و بۆی ئامادەبێت، لای سەیرنەبێت تا کۆڵ نەدات و نائـومێـدی نەیدات بە عەرزا . بەڵکو شانی بداتە بەر تا خۆی بگرێتەوە .

سەرنجی ئەم پەنـدەو ئەوانــەی لەم چەشنــە بدە کە لەسەر کێشی شیعر ڕۆیشتوون . .

11 ـ ئینســـان بچێتـــە شاری کوێــران دەبێت دەست بە چاوەوە بگـــرێت ئەمـــە لە عەرەبیشـدا هەیـە . . واتـە لە سنـــووری عورف عاداتـی خەڵــك دەرنــەچێت و خوو ورەشـتـی ئەوان نەخــاتــە لاوە . . ڕێــزگــرتن لە باری کۆمــەلایــەتییـان و هەست و نەستیـان پێـویستـە . . لە عەرەبیدا پەندێك هەیە کە ئەمە دەگەیێنێت بە کوردی چی دەخۆیت بخۆ بەڵام ئەوە لەبەرکە کە خەڵك لەبەری دەکات .

12 ـ گرێی دەستـان مەخـە دوانان : واتە کار دوامەخەو لە شوێن و کاتی خۆیـدا بیبــەســەر ، واتــە فرســەت لە کیس مەدە ، نازانیت ئەنجــامی ئەو دواخستنـە چی ڕوودەدات . . . لە عەرەبیدا پەندێك هەیە بۆ هەمان مەبەست .

13 ـ چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێ : واتە هەموو کارێك بە تاقی تەنیــا ناکــرێت ، پێـویستی بە کەسی تر هەیــە ، بە یارمەتیدانیان ، واتە کار بە هاوکاریو پشت بە یەك دێتە کایەوە .

هەمان پەند لە عەرەبیشدا هەیە . .

14 ـ قەرز بە قەرز دەست ئارداوی :

واتە شت بە یەك لایەن و لەیەك لاوە ناکرێت ، دەبێت دوو لایی بێت ، ئەمرۆ من سبەینێ تۆ . .

15 ـ دەستێــك نەتــوانم بیبـــرم ماچی ئەکــەم : ئەگــەر دەرەقــەتی کەسێـك نەهــاتم خۆمی لێ نزیك دەخەمەوە ، مەرایی دەکــەم ، ئەمــە وەك (ئیـدیـۆم)یش بەکـار دێت بۆ

کەسێك هەل پەرست بێت بەپێی کات بجوولێتەوە ، جا ئەم جۆرە کەسانە بەراستی جێی مەترسین .
16 ـ پیاوی ستەم بار دەر بە دەری دەستی ستەمکارە : واتە کە (ستەمبار هەبوو یەعنی . . ستەمکار هەیە)، کە زۆر لێکراو هەبوو دیارە زۆر دار هەیە . . واتە ئەم بێ ئەو نابێت ، واتە ئەو لادەبێت ئەم لادەچێت .
17 ـ دەست بە کلاوی خۆتەوە بگرە با تەیبا : ئەمە «ئیدیۆمیشە» واتە ئاگات لە خۆت بێت و خۆ بپارێزەو کەمو کووری خۆت بزانە ، ئینجا باسی خەلك بکە ، واتە لە خۆتەوە دەست پێ بکە ، ئینجا برۆرە سەر خەلك . .
18 ـ دوو گوندۆرە بەیەك دەست هەلناگیرێت : واتە دوو کار بەیەکەوە ناکرێت ، لەوانەیە هەردووکی لە دەست بچێت ، نە ئەم ونە ئەویان دەست گیر بێت . . واتە یەکێکیان تەواو بکە ئینجا دەست بدەرە ئەوی تریان .
هەمان پەند لە عەرەبیدا هەیەو لە جێگەی (گندۆرە) هەناریش بەکاردێت . . .
19 ـ دروونە (دروێنە) لەبەری دەست ناکرێت : واتە بە دەستی بەتاڵ و بەبێ سەرمایەو دەسمایە ئیش ناکرێت ، لە هیچی نەبوو هیچ دەستگیر نابێت . . .
20 ـ دەستە خوشکی بە تەمای دەستەبرا لە جێگای خۆی ئەمێنێتەوە . . .
واتە بە تەمای کەس مەبە ، هەر کەسێك بێت ، نزیکترین کەس و هاورێ ، ئەگینا بە هیچ ناگەیت و هیچت دەستگیر نابێت . . . واتە بە تەمای خۆت بەو پشت بە خۆت و هەوڵ و کۆششی خۆت قایم بکە .
21 ـ دەست بۆ هەموو کەسێك درێژ مەکە : واتە سەر بۆ هەموو کەسێك شۆر مەکەو داوای یارمەتییان لێ مەکەو مەهێڵە بە دەردو دەست کورتی و وەزعی نالەبارت بزانن ، پەنا بەرە بەر خوواو بەر ئەوانەی کە بەراستی جێی ئەوەن گرێی دڵ و دەروونیان بۆ بکەیتەوەو یارمەتیت بدەن بەراستی پشتگیریت بکەن و تووشی پەشیمانێت نەکەن . . مرۆڤی زۆر گلەیی کەر ناهەقیش بێت ئەو رێزو حورمەتەی نامێنێت و لەوە خۆی سووك و ریسوا دەکات .
کورد دەڵێت : «بوغچەت بۆ هەموو کەس مەکەوە»
22 ـ دەست دەست ئەناسێ : ئەمەیان ئەوە دەگەیێنێت کە مرۆڤی ژێر ساحیب و دۆستی خۆی لەهی تر جودا دەکاتەوە . .
یان من دامە دەست تۆو لە تۆم دەوێتەوە ، نەك لە خەڵکی کە .
23 ـ هەتا لەسەر دەست نەرۆی قەدری پێ نازانی :
واتە ووریا بە ، فرسەت لە دەست مەدەو بێ سفەت مەبە ، قەدری شت بزانەو کە . بە نیعمەتی خۆت مەکە ، کە رۆیی با پەشیمانیش بیتەوە بەچی دەچێت . .
24 ـ دەست نیە لە گۆزەدا عاسێ بێت :
واتە پێویستە بریار بدەیت لە کاتی خۆیدا و دوودڵی نەکەیت و یەك لای بکەرەوەو ناوی خوای لێ بێنە .
هەروەها بروانە ئەمانەی خوارەوەو خۆت دەوری (دەست) بزانە لەناویاندا وەك ووشەیێکی بەکار :
1 ـ دەستێکی پێوەنێ :
واتە لەکۆڵ خۆتی بکەرەوە، خۆتی لێ رزگار بکە ، بە هەر جۆرێك بێت .
2 ـ دەستێك بێنە بە خۆتا :
واتە ئاگاداری خۆت بکە ، ئەمە بە یەکێك دەگوترێت کە بیر لە خۆی نەکاتەوە ، لەبەر ئەرك قورسی و بێ وەختی .
3 ـ دەستێکم کەوتە ئەم دیوودەستێکم کەوتە ئەودیو: هیچم بێتەما ، سەرسام بووم و لە پەلوپۆ کەوتم ، حەپەسام ئەنجامی ئەوەی کە دیم و چاوەروانیم نەدەکرد .
4 ـ دەستی لێ مەدە :
واتە تازەی مەکەرەوەو برینی مەکوڵێنەرەوە .
5 ـ بەدەس من نییە :
واتە لە دەسم دەرچووەو هیچم پێ ناکرێت و هیچ دەسەلاتێکم نییە .
6 ـ دەستم لە هەویرە هەر ئەوەندەم لە بیرە :
ئەمە بەکار دەهێزێت لە کۆتایی هێنان بە حەکایەت کە دایك و نەنك و گەورەژن دەیکەن بۆ مندالان . .
7 ـ زمان درێژی دەست کورتە :
8 ـ بە دەستی خۆم کردم بە خۆم :
واتە سووچی خۆمە ، موستەهەقم .

ـ نابێت خۆمـان بدەیـن بە دەستـەوە : نابێت مل شۆرکـەیـن بۆ زەمـان ، نابێت کۆڵ بدەین ، دەبێت بە جەرگ بین شانی بدەینـە بەرو خۆمـان رابگـرین ، واتـە جڵەوی خۆمـان بەئاسانی تەسلیمی غەدرو زوڵمی زەمانە نەکەین . .

ـ نایە دەستیەوە :

واتە راستییەکەی بۆ دەرخست ، لێی نەشاردەوە رووبە رووی کردەوە، لەوە زیـاتـر هیـچ چارێکی تر نەبـوو . . .

واتـە ناچـار بوو ، دیـارە ئەمە باشترە لە شاردنەوەی ئەوەی هەیە . . .

ـ شتێکی وام بەدەستەوەیە :

واتە بەتەمام ، بیرم لەوە کردۆتەوە ، بریارم لەسەر ئەوە داوە . . .

هەر لەدەس و پەنجەی خۆی دێت : لایەق بە خۆیەتی ، لێی دەوەشێتەوە

بەدەستەراستدا : واتە بە لای راستدا

بەدەستی چەپدا : واتە بە لای چەپدا . .

(دەست) لە هەندێك دووعادا

1 ـ خوایـە ئەم دەستـەو دایەرەیەی هەر ئاوەدان کەیتەوە ، قەد کوێری نەکەیتەوە .

2 ـ یاخـوا ئەم دەست موحتـاجی ئەو دەست نەبێت ، ئەمە لە عەرەبیشدا هەیە .

3 ـ دەستی شکێ .

4 ـ دەستەکانی خۆش بێت . .

5 ـ زەلیلی دەستی ستەمکار نەبێت . .

ئەنجام

لە ئەنجـامـدا نامـانەوێت ئەوەی کە گوتمان دووبارەی بکـەینـەوە ، چ لە پێشـەکیـدا ، چ لە نمـوونـە هەمـە چەشنـەکاندا، تەنیا دەڵێین بۆگەیشتن لەو دەورە گرنگەی وشـە دەی‌نـوێنێت لە زمـانـداو پەرەسـەندنی بە درێژانی مێژووی ، دووبارە سەرنجی وشەی (دەست) بدەن . . لە وشەی سادەو دارێژاوو لێکدراودا .

لە : چووتە ووشەدا .

لە : ئیدیومدا چ کە لە شێوەی ووشەی لێکدراودایە یان لە شێوەی رستەدا . . .

لە : پەندی پێشینـاندا . .

لە پاڵ ووشـەی تردا ، بۆ نمـوونـە لەگـەڵ ووشـەدا

(سـەر)دا چونکـە باسی (سـەر) مان کردووە ، لێرەشـدا باسی (دەست) دەکـەین و هەردووکیشیـان یەك دەگرنەوەو بەیـەکـەوە بەکـاردێـن بۆ دروسـت کردنی ئەو ووشـەو مەبـەستـانـەی هیچیـان نە بە تەنیاو نە لەگەڵ ووشەی تردا ناتـوانن دروستی بکـەن . . هەروەها : لە دروست کردنی : هاوواتـاو دژ واتـا بۆ ئەوەی بزانن چەنـد واتـای نوێی بەخشیـوە بەزمـانـەکـەو چ بۆشایی یەکی پڕ کردۆتەوە تێیدا . . . ، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەڵـێـیـن کە خوێنـەر خۆی بەسەرنجدانی باسەکەو ووردبوونەوەی دەتوانێت لە دەورو توانـای هەر ووشـەیـە بگـات لە پاڵ ناسیـنی گشت ئاڵوگـۆڕێکـدا کە بەسـەر رووالەت و ناوەرۆکیدا هاتووەو ئەمـەش چ کارێکی کردۆتـە سەر زمانەکەو بەمەش توانای زمـانـەکـەی بۆ دەردەکـەوێت و لە عاستی (زانستی دەنگ)یش لەم زمـانــەدا دەوەستێت و هەر بەوپێـیــەش دوای ووشەی دەکەوێت بەڵکو بەشێوەیێکی باشتریش ، چونکە لێکـۆڵینـەوەی واتـای ووشـەو سەرچـاوەی ئەو واتـایـانـەو جیاوازیی لە زمانێکدا بەپێی شوێن و کاتی و ئەو نەتەوانەی گفتوگۆی پێ دەکەن و ئەو هۆ جیاوازنەی کاردەکەنە سەری و ئەو ئەنجـامـانـەی دەیـدەن بەدەستـەوەو ئەو یاسـایـانـەی لەژێـریـدا دەخولێنەوەو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر رووالەتیاندا دێت لەپـاڵ ناوەرۆکـدا کارێکی گرنگـە لە زانستی زماندا . . بە تایبـەتی لقی (لێکسیـوکۆلۆگیا) . ئەمەش پێویستی سەرشـانی زمـانـەوانـە بۆلێکـۆڵینەوەی ، لەبنج و بناوانی ووشەو لقوپۆیی و کۆنی و تازەیی لە زمانداو لە زمانەکانی ئەو بنـەمـاڵـەیـەدا ، واتـە لەسەرچاوەی پەیدابوونی لە هەموو روویێکـەوە تا دەگـاتـە ئەمـرۆ . . تا لاپـەرەی مێـژووی هەریـەکـە بەپێی خۆی بخـرێتـە روو . . چونکـە هەمـوو دەزانین کە (پێویستی سەرچاوەی داهێنان)ە ، کەواتە هەر ووشـەیـە لە چوارچێـوەی پێـویستیـدا پەیـدابـووەو پەرەی سەنـدووەو دەسێنێت . . . ، هەر ئەو پێـویستیـەش ناچاری دەکـات گەر لەخـۆیو لە خێـزانکی ئەوەی دەیـەوێت پێی نەگــات پەنـا دەبـاتـە بەر دەوروپشت و دەرو دراوسێ و تا بێگـانـەو بەپێ گونجـان ئەو ووشـانە وەردەگرێت یان وەك خۆی چۆنـە واتـە یا بەدەستکـاریو داتـاشینـەوە تا وای لێ دێت «پـر بە پێستی خۆی بێت» گەر وانـەبوو ئەوە دیارەو جا خۆی دەتەکێتەوە یان دەروا وەك هەڵەیێکی باو.